# بەڵێ .. تا چەوسانەوە بمێنێت

# مارکسیزمیش هەر ئەمێنێت!

نەوزاد وەلی

سایتی دەنگەکان دەستپێشخەرییەکی جوانی کردووە کە بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی کارڵ مارکسەوە ئەم وتووێژەی خستەگەڕ. جوانتریش ئەبوو ئەگەر ماوەیەك لەوەوبەر ئاگادارییەکی لەو رووەوە بلاوبکردایەتەوە ، بۆ ئەوەی کە ئەوانەی بەتەنگ مارکسیزمەوەن ، بە شێوەیەکی زانستییانە لەو بوارەدا پێنوسیان بخستایەتەگەڕ. بە هەر حاڵ هەر جێی پێزانین و سوپاسە بۆ دەنگەکان.

گرنگییدانی ئەو کۆمەڵە زۆرەی خوێنەرانی دەنگەکان بە باسەکە! خۆی لە خۆیدا نیشانەی کاریگەریی و زیندوویی مارکسیزمە لەلای رۆشنبیران و سیاسییانی کورد و مایەی دڵخۆشییە.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر ناونیشانی باسەکانی دوێنێدا ، دوو رای سەرەکیی لەناو رۆشنبیرانی کورددا دەرئەکەون ، یەکەمیان ئەوەیە کە مارکسیزم بیر و فەلسەفەیەکی هاوچەرخ و زیندووە ، دووەمیشیان تەواو پێچەوانەی ئەم رایەیە!

گومان لەوەدا نیە کە بیر و بۆچوون و هەڵسەنگاندنێکی زۆر لەسەر مارکسیزم هەیە ، سەدە و نیوێکیشە ئەم بیروباوەڕە ، سەدان هەزار فەیلەسوف ، بیریار ، ئابوریزان ، زانا کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خەریککردووە ، لەبەرئەوە شتێکی سەیریش نیە کە لەلای ئێمەی کوردیش بیر و بۆچوون و تێروانینی هەمەجۆرە لەسەر ئەم (شاکارە) مرۆڤایەتییە هەبێت ، چونکە هەر کەسێك و بەگوێرەی توانا و ئاستی هۆشیاریی خۆی و لە روانگەی بەرژەوەندە هەمەجۆرەکانی خۆیەوە ، سەیری مارکسیزم و هەر بیر و باوەڕ ، فەلسەفە و دیاردەیەکی تر ئەکات.

ئەوانەی لایان وایە کە مارکسیزم هەمیشە زیندوو ئەبێت و هەرگیز بەرەو نەمان ناچێت! ئەوا گومان لەوەدا نیە کە ئەو کەسانە لە مارکسیزم تێنەگەیشتوون! چونکە مارکسیزم هاوکێشەیەکی زانستییانەی هێجگار ساکارە و لە سێ کۆمپۆنێنتی ساکار پێکهاتووە:

**نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ + دابەشکردنی دادپەروەرانەی بەرهەم + دادی کۆمەڵایەتی = مارکسیزم**

ئەوانەی کە کەمێك شارەزاییان لە ماتماتیکدا هەبێت ، ئەوا بە چاوخشاندنێك بەو هاوکێشەیەدا بۆیان دەرئەکەوێت کە:

**{( نەمانی چەوسانەوەی مرۆڤ + دابەشکردنی دادپەروەرانەی بەرهەم + دادی کۆمەڵایەتی) – مارکسیزم = . (سفر)}**

بڕوا ناکەم بەم هاوکێشەیە سەرم لە کەس تێکدابێت ، بەڵام بە ڕای من ئەوە ساکارترین ڕونکردنەوەی مارکسیزمە و هەموو کەسێکی خوێنەوار لێی تێئەگات.

کەواتە مارکسیزمیش وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئابوری ، کاڵ ئەبێتەوە و ڕۆژێکیش دێت کە نەمێنێت! بەڵام ئەو ڕۆژە کەیە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە نابێت ڕۆشنبیران بێ وەڵام بیهێڵنەوە و ناشبێت بە هەڕەمەکیی ، سۆز و مناڵانەوە وەڵامیش بدرێتەوە. لەبەرئەوە و وەك مارکسیستێك ، من باوەڕی بێپایانم بەوە هەیە ، هەر وەك بەو هاوکێشەیەی سەرەوە ڕونمکردەوە ، تا چەوسانەوەی مرۆڤ ، هەرچ جۆرێکی بێت ، بێدادیی لە بەشکردنی بەرهەمی مرۆڤایەتییدا و بێدادیی کۆمەڵایەتی هەبێت ، مارکسیزمیش تاکە دەرمانی چارەسەری ئەو نەخۆشییە سیاسی ، ئابوری و کۆمەڵایەتییانە ئەبێت.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆر کەس لە دنیادا ، بە هەڵوەشانەوەی بەرەی بەناو سۆشیالیزمی سۆڤیەت و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ، توشی نیگەرانیی و بێ هیوا بوون! لە ڕاستییدا ئەو جۆرە کەسانە هەر لە بنەڕەتدا لە کرۆکی مارکسیزم تێنەگەیشتوون ، خۆ ئەگەر لە مارکسیزم تێبگەیشتنایە! ئەبووایە ئەو ڕاستییەیان بزانیایە کە ئەو ڕژێمانە ، نە لە نزیك و نە لە دورەوە ، پەیوەندییان بە مارکسیزمەوە نەبووە ، بۆیە تەواو بە پێچەوانەوە ، ئەبێت مارکسیستەکان بە لەناوچوونی ئەو ڕژێمە تۆتالیتارییانە دڵخۆش ببن ، چونکە لەمپەرێکی گەورە بوون لە ڕێی مارکسیزمدا و سەردەمێکی دور و درێژیش بوو کە هۆکاری سەرەکیی ناوزڕاندنی مارکسیزم بوون.

لەبەرئەوە ، ئەو کەسانەی لایان وایە کە ڕۆژێك دێت مارکسیزم بەرەو لەناوچوون بچێت ، ئەوا سێ گروپی سەرەکیین:

یەکەمیان ئەو کەسانەن کە لە ڕوانگەیەکی چەوسێنەریی ، سەرمایەداریی و دژایەتییەوە ئەڕواننە مارکسیزم.

دووەمیان ئەو کەسانەن کە ڕووکەشییانە لێی تێگەیشتوون.

سێیەمیشیان ئەو کەسانەن کە باوەڕی تەواویان بە مارکسیزم هەیە و بە شێوەیەکی زانستییانە لێی تێگەیشتوون و وەك زانستێکی هاوچەرخ سەیری ئەکەن و باوەڕیان بە پێشکەوتن ، گۆڕانکاریی و نوێکاریی هەیە و لەو هاوکێشەیەی سەرەوە تێگەیشتوون .

خەبات و هەوڵ و تێکۆشان و چالاکییە هەمەجۆرە زۆر و زەبەندەکانی ڕۆژانەی سەدان میلیۆن مرۆڤی سەر ئەم گۆی زەوییەی ئێمە ، هەر یەکەیان و بە جۆرێك و بە ناوێکەوە ، ڕوویەکی تری مارکسیزمن ، وەك:

ـ خەباتی بەردەوامی مرۆڤ بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە ، ـ زۆرانبازیی بێوچان لەپێناوی کار و بێکارنەبووندا ـ خەباتی سەندیکایی ، ـ هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ماوەی کار و زیادکردنی ماوەی پشوودان و پشووی ساڵانە ، ـ خەبات لەپێناوی زەمانەتی ماڵنشینییدا ، ـ خزمەتگوزاریی تەندروستیی و کەنەفتەیی ، ـ خەبات لەپێناوی نەهێشتنی ڕەگەزپەرستییدا ، ـ مافی ئافرەتان ، ـ خەبات لەپێناوی نەهێشتنی جیاوازیی نێوان دوو ڕەگەزی مرۆڤدا ، ـ ئازادیی و سەربەخۆیی گەلان و کۆمەڵە ئێتنییەکان ، ـ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەزاران جۆری تری هەوڵ و کۆششی ڕۆژانەی چین و توێژە چەوساوە و کەمدەرامەت و هەژارەکانی ئەم دنیایە!

کەواتە مارکسیزم هەر لە بەرەبەیانی مرۆڤایەتییەوە هەبووە و سەدە و نیوێکە کارڵ مارکس توانیویەتی ئەو ڕێسا و پرینسیپانە بە شێوەیەکی زانستییانە و ڕون و ساکار ڕێکبخات و لەدوای خۆشیەوە پێی بوترێت مارکسیزم.

لەبەرئەوەشە کە ئەو ڕێسا و پرینسیپە سیاسی ، ئابوری و کۆمەڵایەتییانە هەمیشە لە برەودا ئەبن و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤدا نوێ ئەبنەوە و شێواز و ناوی نوێ وەرئەگرن.

بۆ مارکسیستێکی زیرەك و ڕاست ، ئەوە گرنگ نیە کە کێ و بە چ ناوێکەوە کار بۆ هەمووان دابینئەکات ، مافی کارگەران ئەپارێزێت ، چەوسانەوە ناهێڵێت ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە ئەبات و ئاسودەیی بۆ هەموو مرۆڤێك دابینئەکات ، چونکە مارکسیستی هۆشیار باش ئەوە ئەزانێت کە دابینکردنی ئەو ئاوات و ئامانجانە ، هەرچ کەس و هەرچ گروپ و ڕێکخراوێك بیکات ، هەر کرۆکی مارکسیزمە.

ئەگەر چەوسانەوەی مرۆڤ لە هەرچ جێیەکی ئەم گالاکسەی ئێمەدا هەبێت ، بێگومانم لەوەی کە لەوێش مارکسیزم هەیە ، بەڵام بەناوێکی ترەوە ، چونکە ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە بووە بە یاسایەکی سروشتیی و مەحاڵە مرۆڤی هۆشیار بتوانێت خۆی لێبدزێتەوە.

2005-3-14